بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان

# بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی

## بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عێراق هاریکاری حکومەتی عێراق دەکات لە ئامادەکردنی کۆمەڵگاکان بۆ یەکخستنەوەی گەڕاوەکانی کەمپی ئەل هۆل لەگەڵیاندا

**هەولێر، 18 ی ئابی 2021-** بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و بە بەشداری چەندین بەرپرسی حکومی هەستان بە لەیەکنزیککردنەوەی 74 سەرکردەی کۆمەڵگا و خێڵەکانی پارێزگاکانی ئەنبار و سەلاحەدین و نەینەوا و دیالە لە وۆرکشۆپێکدا بەمەبەستی برەودان بە قبوڵکردنی یەکتری و تێگەیشتن لەنێو سەرکردە نێوخۆییەکاندا بەمەبەستی ئاسانکاریکردن بۆ گەڕانەوە و یەکخستنەوەی ئاوارە نێوخۆییەکان لەگەڵ کۆمەلگاکانیاندا لە عێراق.

بەسەرنجخستنەسەر ئەو خانەوادانەی لە کەمپی ئەل هۆلەوە دەگەڕێنەوە، وۆرکشۆپەکە بە بەرنامەی ئاشتەوایی و یەکخستنەوەی سەر بە بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عێراق دڵنیایی لە گەڕانەوەیەکی پارێزراو و شکۆمەند و تێکەڵکردنەوەی ئاوارە عێراقییەکان دەدات لەگەڵ کۆمەڵگاکانیاندا کە بە هۆی جەنگی داعشەوە ئاوارەبوون. وۆرکشۆپەکە گفتوگۆی هەوڵەکانی حکومەت بۆ گەڕانەوەی ئاوارە نێوخۆییەکان لە کەمپەکانەوە و ڕۆڵی سەرکردە کۆمەڵایەتییەکان و حکومەتی خۆجێیی لە ئاسانکاریکردن بۆ لە خۆ گرتبوو بۆ یەکخستنەوەی ئەو ئاوارە نێوخۆییانە بۆ زێدی ڕەسەنی خۆیان.

لەمانگە مایسدا، نزیکەی 94 خانەوادەی دانیشتووی کەمپی ئەل هۆل گوازرانەوە کەمپی ئەل جەدعە لە پارێزگای نەینەوادا لە ژێر سەرپەرشتی ڕاوێژکاریی ئەنجومەنی ئاسایشدا. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عێراق لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کار بۆ دڵنیاییدان دەکات لە ئامادەباشی کۆمەڵگا بۆ قبوڵکردنی ئەو خانەوادانە و کارکردنی زیاتر لەم باریەوە، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ پێشینەی کاری حکومەتی عێراقی لە گەڕانەوەی ئاوارە نێوخۆییەکانی عێراق بۆ شوێنەکانی خۆیان.

لەکۆی ژمارەیەکی بێشوماری پێشنیاردا، ئامادەبووان لەسەر پشتیوانیکردنی پلانی حکومەت ڕێککەوتن بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارە نیوخۆییەکان و پابەندی حکومەت لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە پێشینەی گەڕاوەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست و قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی زەرەرمەندی دەستی جەنگی دژ بە داعش بوون.

نوێنەری نیشتەجێی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عێراق، خاتو زێنە عەلی ئەحمەد، جەختی کردەوە لەسەر "دڵنیاییدان لە ئامادەباشی کۆمەڵگاکان بۆ قبوڵکردنەوەی ئەو خانەوادانەی دوای ئاوارەبوون دەگەڕێنەوە بنچینەیەکی گرینگی یەکخستنەوەیەکی بەردەوامە. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عێراق پابەندە بە ئامادەکردنی کۆمەڵگاکان بۆ گۆڕانکاری بەمەبەستی جێبەجێکردنی چارەسەری گونجاو بۆ ئاشتی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا. "

بریکاری وەزیری کۆچ و کۆچبەران، بەڕێز کەریم حوسەین عەلی ئەل نوری، گوتی،" ئەم کۆبوونەوەیە زۆر گرینگ بوو چونکە گوێبیستی پشتیوانی سەرکردە نێوخۆیی و خێلەکییەکان بووین بۆ گەڕانەوەی ئەو ئاوارە نێوخۆییانەی کێشەی ئاسایشیان نییە. پێمان خۆشە ئەم دیالۆگ و گفتوگۆیانە بەردەوام بن بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارە نیوخۆییەکان. "

دکتۆر سەعید ئەل جیاشی، ڕاوێژکار، لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری نیشتمانی، دەڵێت: " پێشکەوتنێکی باشمان بەدەستهێناوە لەمیانی ئەم کۆبوونەوەیەدا و گەیشتوین بە ئەنجام و لەگەڵیدا ڕێککەوتوین کە هەستین بە ڕێکخستنی سەردان بۆ کەمپی سارێژی ئەل جەدعە و هەنگاو بۆ گواستنەوەی خانەوادەکانیان بدەین بۆ زێدەکانی خۆیان. "

*### ### ###*

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان ڕێکخراوی سەرەکیە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە هەوڵ و کۆشش دەکات بۆ کۆتایی هێنان بە نادادپەروەری و هەژاری و نایەکسانی و گۆڕانکاریەکان لە کەشوهەوادا. بە کارکردنمان لە تۆڕێکی فراوانی شارەزایان وهاوبەشاندا لە 170 وڵاتدا، ئێمە یارمەتیدەرین لە بنیادنانی چارەسەری یەکخراو و ماوە درێژ بۆ خەڵکی و هەسارەکەشمان.
زیاتر بزانە لەڕێی ماڵپەرەکەمان iq.undp.org یان فۆلۆومان بکەن لە @UNDPinIraq.

لەساڵی 2020 دا، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عێراق هەستا بە خستنەگەڕی بەرنامەیەکی پێنج ساڵەی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی بۆ برەودان بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەهێزتر و ئاشتیخواز و تەباتر لە گشت ناوچەکانی عێراقدا. پرۆژەی ئاشتەوایی و یەکخستنەوەی کۆمەڵگا پشتیوانی ئامادەباشی و گەڕانەوەی کۆمەڵگا و یەکخستنەوەی ئەو خێزانانەی گومانی پەیوەندیکردنیان لێ دەکرێت لەگەڵ داعشدا دەکات و زۆربەی کاتیش ئەم خانەوادانە پشتگوێخراوترین و دۆخناسکرترینن.

**بۆ پەیوەندیکردن بە بەشی میدیاوە:**

مەریەم پینۆ، ڕاوێژکاری پرۆژە لەبواری ڕاگەیاندن و داکۆکی، 9647901101982+